www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا16:26 1-7-2006

## وەڵامێک بۆ کۆسار ئەحمەد ... سیروان علی



کاک کۆسار وابزانم ئەگەر جوان سەیری بەرنامەی چاوی سێیەمت کردبێت بەو شێوەیە نەت ئەنوسی کە نوسینەکەت تەعبیر لەوە دەکات کە گوایە کاک سەعدی بە لاوانی وتووە نەزۆک ، کاکە ئێمە و کۆمەڵگاکەشمان تازە ئەتوانین بەرنامەی لەو شێوەیە بکەن کە بەرنامەی لاوان لە بەرنامەی ئەم چارەی چاوی سێدا بو کە کاک سەعدیش وەکو خۆی وتی من پشتگیری لاوان دەکەم لە هەمو بوارەکانە من نامەوێت زۆر لە سەر ئەوە بڕۆم بەس ئەوەنە دەڵێم کاک کۆسار با جیتر ئێمە خۆمان لە ڕاستیکان نەشارینەوە جونکە ئێمەی لاوانیش بە پێی پێویست کارمان نەکردووە بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆمان و کۆمەڵگاکەمان باشە ئەو لاوانەی کەڕۆشتنە هەندەران چی ئەبو ئەگەر نەڕۆشتنایە و دانیشتنایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو موشکیلانەی کە بەڕێزت باسیان دەکەی بەس بەداخەوە ئێمەی لاو خۆشمان ئەوەنە ڕاناکەین بۆ بەدیهێنانی مافەکانمان ئیتر کە کاتێک کەسێکی وەکو کاک سەعدی دێتە سەر شاشە باشە ئەگەر خەم خۆری لاوان نەبێت نایاتە سەر شاشە بۆ جواب دانەوەی ئە لاوانە من دەڵێم کاک کۆسار با ئێمە باسی ڕابردو نەکەین با لەم ڕۆوە دەست بکەین با ئیش بۆ مافەکانمان کە ئێستا بواری زۆر ڕەخساوە بۆ لاوان بەتایبەتی بۆ بەرەوپێشجونی کە چەندین ڕێخراوی لاوان مان هەیە کەئیش بۆ بەدیهێنانی مافەکانمان دەکات کاک کۆسار با ئێمە بەوان نەڵێن فیرعون با ئێمە هاوکاریان بکەین بۆ بەدیهێنانی مافەکانمان ئەگەر بشڵێن فیرعون با ئێمە فیرعون نەبین و ئیشبکەین بۆ کۆمەڵگاکەمان نەک هەربنوسن و ڕەخنەیان لێبگرین.

من هیچی تر ناڵێم ئەوەنە دەڵێم ئێمەی لاو ئەگەر ڕاست دەکەین با چیتر بە نوسین نەبێت با ئیش بەکەین ئەگەر بڵێن ئازاد نین ئەوە ڕاست تنیە جونکە ئەمڕۆ هەمو کەسێکی بەتواناو هەمولاوێکی چالاک ڕێگەی باشی بۆکراوەتەوە بۆ خزمەتکردنی نیشتیمانەکەی و بەدیهێنانی مافەکانی و وە حوکمەتیش هاوکاریان دەکات لە هەمو ڕویەکەوە.

Serwan45@hotmail. com